رانانی کتێب

بابەت:**بیری ئوسووڵیی ئیسلامیی**

نووسینی: فوئاد مەجید میسری

رانانی: پشکۆنەجمەدین

ئیسلامناسی، وەکو زانستێکی ئاکادیمی، نەک هەر لە نێو کورد دا، بگرە لە دنیای عەرەب و رۆژهەڵاتیشدا، پێشینەیەکی نییە. واتە لە جیهانی ئیسلامدا، ئێمە دامەزراوەیەکی ئاکادیمی شک نابەین کە ئیسلامناسی، وەکو بەشێک لە زانستی ئاییناسی بناسێت و مەڵبەندێک بێت بۆ کۆڵینەوە و توێژینەوە و راڤەکردنی ئیسلام وەک ئایینێک کە لە مێژووی لەمێژینەی خۆیدا و تا هەنووکەش کارکردێکی ئێجگار گەورەی لەسەر باری رۆحی، کەسێتی، ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگای رۆژهەڵات داناوە و مۆرکی خۆی (( بە چاک و خراپ)) لە هەر قۆناغێکی گەشەکردنی فرەئاڕاستەی کۆمەڵگای ئیسلامی، داوە. ئەمە رێک پێچەوانەی رۆژاوا و دامەزراوە و ئینیستیتۆ زانستییەکانی، کە ئاییناسیش(( بەهەر مەبەستێک!!)) بە هەموو چڵوپۆپەکانییەوە، بەشێکی گرنگ و بایەخداریان پێک دەهێنێ، مێژوویەکی چەندسەدساڵەیان هەیە و مەڵبەند و مەکۆیەکن بۆ کۆڵینەوە و داهێنانی تیور و تێزی زانستییانە، نەک بۆ نووسینەوەی مێژووی ئایین و تابووکردنی خوێندنەوەی دەقی ئایینی.

لە رۆژهەڵاتدا، لە زانستگە و نێوەندە زانستییەکانیدا، ئیسلامناسی نەیتوانیوە بازنەی نووسینەوەی مێژووی ئیسلام، تەفسیری قورئان و حەدیس و وەرگێڕانیان، مێژووی خەلافەت و دەسەڵات و فتوحات ببەزێنێ و پەنجەرەیەک بۆ خوێندنەوە و راڤەکردنی ((دەقی پیرۆز)) لە دید و تێڕوانینی جیاوازەوە و بە میتۆدی توێژینەوەی جیا، بکاتەوە. هەرچی هەوڵێکیش لەو بوارەدا لەلایەن هەندەک رۆشنبیر و زانای عەرەب و ئیسلامەوە درابێت، بەرئەنجامی هەوڵ و کۆشانی خۆیانە وەکو تاک و بەرهەمی هیچ دەسگایەکی کۆڵینەوەی زانستی نین. ئەمە بە مانای نازانستی و نائاکادیمیبوونی ئەو هەوڵ بەرهەمانە نییە، بەڵکو دەمەوێت بڵێم: لە وڵاتانێکدا کە ئیسلام ئایینی رەسمیی زۆربەیانە و یاساکانیش راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە "شەرع"ەوە

سەرچاوەیان گرتووە، بوونی دامەزراوەی ئاکادیمی بۆ کۆڵینەوە و توێژینەوەی ئایین، کارێکی مەحاڵە.

((بیری ئوسووڵیی ئیسلامیی"، دوا کتێبی فوئادی مەجید میسریی نووسەرە کە دووساڵان پێشتر کتێبی ((دەوڵەت لە سایەی خیلافەتدا))ی نووسیوە.

میسری، بە نووسینی ئەم دوو کۆڵینەوەیە لەسەر ئیسلام، وەکو ئیسلامناسێکی کورد " بە میتۆدی نووسین و فیکر و تێڕوانینی تایبەت بە خۆی" ، دێت و خۆی دەسەپێنێ و خوێنەر بە خوێندنەوە و تێڕامان ناچار دەکات.

کتێبی (( بیری ئوسووڵیی ئیسلامیی))، خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و رەخنەییە بۆ سەرچاوە، فیکر، تێکستی پیرۆز، شەرع"قورئان و سوننەت"، خیلافەت و دەسەڵات، ئیجتیهاد و پاشتریش سەرهەڵدانی ململانێ و دەرکەوتنی دەستە و رەوتە جیاوازەکانی ئیسلام و خوێندنەوەیەکی قووڵ و گشتلایەنیی خیتابی فیکری ئوسووڵیی ئیسلامی و ئەوهەلومەرجە جیاوازانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا زەمینەیان بۆ دەرکەوتن و گەشەکردنی ئەم فیکر و خیتابە ئایینییەخۆش کردووە، هەیە.

نووسەر، لە توێژینەوە و خوێندنەوەکانیدا بۆ دەق و مێژووی نووسینەوەی دەق، ئیشکالاتەکانی پرۆسەی نووسینەوە و کارپێکردنیان بە گەڕانەوە بۆ سەردەمە مێژووییەکان و ئیجتیهادە فرەڕەگەز و رەهەندەکان، خەرمانێک کەرەستەی رۆشنبیریی لە بەردەستدایە و بەشێوەیەکی زانستیانە و وەکو ئاکادیمیستێکی شارەزا و وردبین لە مامەڵەکردندا لەگەڵ فیکر، مێژوو، کۆمەڵگە و دۆخە کۆمەڵایەتییەکان، بێئەوەی تۆزقاڵێکیش هەستی ئایینیی موسڵمانان برۆشێنێ یاخود سووکایێتیی بە شتە پیرۆزەکانیان بکات، هەڵسوکەوت دەکات.

بیری ئوسوڵیی ئیسلامیی. لە دووتوێی کتێبێکی 405 لاپەڕەییدا، بەسەر شەش بەشدا دابەش کراوە و بە پشتبەستن بە 129 سەرچاوە و 125 پەراوێز، بەرهەمی فیکر و خوێندنەوە و تێڕامانی چوارساڵان کار و ماندووبوونی نووسەرمان لە بەردەست دەنێ و پێماندەڵێ: ئەم بەرهەمە، بێ ئاوڕلێدانەوە، ناکرێت تێپەڕ ببێت!.

بەشی یەکەمی "بیری ئوسووڵی..."، سەرهەڵدانی "بزووتنەوەی خەواریج"ی کردووەتە دەستپێک و چەمکی فەرهەنگی و نێوەڕۆکی ئایینی ئەم

بزوتنەوەیەی شی کردووەتەوە. میسری لێرەوە، دەست بە خوێندنەوەی سەرهەڵدانی ململانێی فیکر و تێگەیشتن بۆ قورئان وئیسلام و پاشانیش دەسەڵات کە تەوەری بیری ئوسووڵیی ئیسلامییە، دەکات. میسری پێیوایە: ریشەی "خەواریج" زۆر لەسەر دەمی عەلی کوڕی ئەبی تالیب کۆنترە و دەگەڕێتەوە بەسەردەمێک کە خودی پەیامبەر لە ژیاندا بووە و راستەوخۆش ریشەکەی لە ملانێکانی دانانی خەلیفە و جێنیشینی پەیامبەر و رووداوەکەی "ئەلسەقیفە" لەمەڕ کێشە و هەڵاوبگرەی بەیعەتپێکردن و هەڵبژاردنی جێنیشین لە نێوان ئەنسارەکان، موهاجیرەکان، بەنی هاشم و بەنی ئومەیەدا و رۆڵی هێز و ئابووری، لە بەلاداخستنی مەسەلەی دەسەڵاتدا. ئەم بەشە بابەت و چڵوپۆپێکی زۆری لێ دەبێتەوە و هەموو ئەو فاکتەر و بنەما گرنگانە دەخوێنێتەوە، کە بۆ توێرڕێزەکردنی فیکری ئوسووڵیی ئیسلامیی گرنگن.

لەم بەشەدا، نووسەر لە دید و روانینی جیاوازی موجتەهیدانەوە، چەمکەکانی "قورئان"، "سوننەت"، هاودەنگیی "ئیجماع"، "پێوانە_ ئەلقیاس". "شورا" و "بەیعەت"، شی دەکاتەوە و جیاوازی و ناکۆکییەکان لای موجتەهیدان دەخوێنێتەوە. پاشان نووسەر، بە وردی مەسەلەی پەیوەندیی "ئیجتهاد" لەگەڵ دەسەڵات و خیلافەت لێک دەداتەوە. کۆکردنەوە و نووسینەوەی "حەدیس" و پۆلێنکردنیان، جێگایەکی زۆریان لەم خوێندنەوەیەدا داگیر کردووە و چەندین پرس و گومانیان بە پێی سەرچاوە جیاوازەکان هێناوەتە گۆڕێ!. چوار مەزهەبەکەی ئیسلام و تێڕوانینی جیاوازیان بۆ شەرع، بەشێکی بەرچاوی خوێندنەوە رەخنەییەکەی نووسەرە.

ئازادیی تاک و ئازادی و یەکسانیی ژن، دوو تەوەرەی دیکەن لە ئەپستمۆلۆژیای فیکری سەلەفیدا، کە نووسەر شەنوکەوی کردوون و بە ناخی تێکستی قورئان و سوننەت و ئیجتیهادی زانایانی ئیسلامدا، شۆڕ بووەتەوە و لەوێدا خەرمانێک سەرئەنجامی وەدەست هێناوە. سیمای میتۆلۆژیانەی "دەق" لای هەر یەک لە "بوخاری" و "موسلیم" لە گێڕانەوەدا، بەشێکی دیکەی کارەکانی میسرییە لە "بیری ئوسووڵیی ئیسلامیی"دا.

ژیاندنەوەی بیری ئوسووڵیی ئیسلامیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، دوا بابەتی بەشی یەکەمی کتێبەکەیە. ژیاندنەوە لە رێگای ریفۆرمی ئایینییەوە؛ تێز و فیکر و ئیجتیهادەکانی هەر یەک لە جەمالەدینی ئەڤغانی، موحەمەد

عەبدە و موحەمەد رەشید رەزا، بە تایبەت ئەو دووانەی یەکەمیان، وەکو دوو زانا و دوو ریفۆرمیستی ئایینی ئێجگار گەورە و رۆشنبیر و بەئاگا لە کارکرد و کاردانەوەی گەشەکردنی فیکر و زانست و رۆشنبیریی خۆرئاوا لەسەر دنیای رۆژهەڵات و میللەتانی موسڵمان.

بەشی دووەم:

ئەم بەشە تایبەتە بە ((ئیخوان موسلیمین))، وەکو میراتگری فیکری ئوسووڵی:

ـ دەستپێک و کۆمەڵەی خێرخوازی.

ـ کۆمەڵەی لاوانی موسڵمان.

ـ ئیخوان و فیکری ئوسووڵی.

ـ رێکخراوبوون و بوون بە حیزب.

ـ حەسەن ئەلبەنا!

ـ ئیخوان و رۆژئاوا!

+ ئیخوان و دەسەڵات و دەوڵەت (( نووسەر، لەسەر تیوری دەسەڵات لای ئیخوان، هەڵوەستە دەکات و پێیوایە: ئیخوان، لە هەوڵی توێرڕێزەکردنی هەڵاوێردنی چەمکی ئایینی و چەمکی فەلسەفیی لە ئیسلامدا بوون. بە واتایەکی دیکە؛ ئیخوان دەوڵەتی ئایین رەت دەکاتەوە و خوازیاری دەوڵەتی ئیسلامییە!.

تیوری حەسەن ئەلبەنای دەمەزرێنەر و ئیمامی ئیخوان، جەخت لەسەر پراکتیزە کردنی فەلسەفەی ئیسلام لە دەسەڵات و حکومەتکردندا دەکات و رەشنووسی ئەو دەستوورە پێشنیازکراوەی بۆ دەوڵەتی میسر، شایەتیی ئەوە دەدات، کە ئەو دەوڵەتێکی ئیسلامیی لەسەر دەستوور راوەستاوی لە شەرعەوە سەرچاوە گرتوو دەخوازێ و مەسەلەی "شورا"شی وەکو مەسەلەیەکی نێوەندی و زێدەگرنگ باس کردووە. هەرچی فوئاد میسریشە، پێیوایە چەمکی شورا، هیچ بناغەیەکی نە لە قورئان و نە لە مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامدا، نییە. ئەو پێی وایە، "شورا" کە لەم دوو ئایەتەدا (( و امرهم شوری بێنهم)) و (( وشاورهم فی الامر)) هاتووە، لای زۆرێک لە موجتەهیدان و لەوانیش "تەبەری" و "زەممەخشری" بە هەڵە تەفسیر کراون و فرپیان بەسەر شێوازی دەسەڵات و حوکمڕانییەوە نییە. نووسەر پێیوایە: ئایەتی یەکەم ئایەتێکی ((مەکی))یە و لە کاتێکدا هاتووە کە ئیسلام لەسەرەتادا بووە و هیچ

دەسەڵات و حکومەتێکی نەبووە وهاتنی ئایەتەکەش، پەیوەندی بە شەڕی "بەدر"ەوە هەیە کە پەیامبەر دوودڵ بووە و پێویستیی بە راوەرگرتن و مەشوەرەتی یارانی خۆی هەبووە. ئەوی دووەمیشیان، ئایەتێکی ((مەدینە))یە و سەروکاری لەگەڵ شەڕی "ئوحد"دا هەیە کە موسڵمانەکان تێیدا شکان و سەرنەکەوتن!.

ـ فاشیزم لەفیکر و پراکتیکی ئیخواندا.

ـ ململانێ و دەستەگەری لە ئیخواندا و زۆر بابەتی دیکەش کە دەچنە خانەی ئەم خوێندنەوە سۆسیۆلۆژییەی میسری لەمەڕ ئیخوان و بیری ئوسوولّیی ئیسلامیی.

بەشەکانی دیکەی کتێبەکە، تایبەتن بە دیراسەتکردن و خوێندنەوەی:

ـ میسر، لانکەی بیری ئوسوولّیی (( فاکتەرەکانی سەرهەڵدانەوە)).

ـ تەکفیر... جەنگ دژی جیهان!... ( هیجرەت؛ وەهمی دابڕان... دابڕانی وەهمیی).

ـ ئیخوان و تیوری دەسەڵات.

ـ چەمکی دەسەڵات لە تیوری ( حاکمییەت ... جاهیلییەت)دا.

میسری، لەم کتێبەکەدا زۆر شتی گوتوون و دەیەوێت زۆری تریش بڵێت. ئەو دەیەوێت بڵێت: ئیسلام بە پێی پێکهاتەی فیکریی خۆی و دنیابینییەکەی بۆ ئینسان و کۆمەڵگە، هەر کات سنووره رۆحییەکانی تاکی بەزاند و بە سیاسەت و تیوری دەسەڵات، نێوئاخن کرا، ئیدی کارەساتی بۆ ئینسان لێ دەکەوێتەوە و هەموو رەوتە ئیسلامییە توندڕۆکانیش، لە پزدانی پڕئارامیی و میانڕەویی "ئیخوان"دا گوراون و لە وێڵاشی ئەو بەروبونەتەوە. مێژووی ئیخوان، ئەوە دەڵێتەوە، کە رەوتە ئیسلامییەکان، تەنیا کاتێک میانڕەون، کە بە ناچاری دەبێت میانڕەوبن!. ئەگەر سەرنج لە تیور و تێزەکانی حەسەن ئەلبەنا بدەین، ئەوسا تێدەگەین کە ئەم شاڵاوە تیرۆریستییە دنیاگرەی ئیسلامی سیاسیی توندڕۆی ئەوڕۆکە، خودی ئیمامی ئیخوان داهێنەرییەتی... ئەلبەنا دەبێژێ:

(( ... ئەگەر نەتەوەیەک بزانێ بە باشی مەرگ بچێنێ و بزانێ چۆنچۆنی بە شەرەفەوە دەمرێ، خواوەند لە دنیادا ژیان و لە قیامەتیشدا بەهەشتی پێ دەبەخشێت. ئەوی ئێمەی زەلیل کردووە، ئەوەیە، ئێمە دونیامان زۆر خۆش

دەوێ و رقمان لە مردنە.. خۆتان ئامادە بکەن بۆ کارێکی مەزن و بەتەنگ مردنەوە بن. مردن ژیانتان بۆ دابین دەکات!!)). ( بیری ئوسوولّی... ل 332).